# خودانی بارزان
# سەرکردەی لەبیرکراوی راستەقینەی شۆڕشی بارزان

ئامادەکردنو پێداچوونەوەی رێنووس : د. یاسین سەردەشتیی



ئاشکرایە کە "شێخ ئەحمەد"ی خودانی بارزان (١٨٩٨-١٩٦٩) تەنیا باڵادەستترین کەسایەتیی رۆحانیو دنیایی بارزانییەکان نەبووە، بەڵکو یەکێکە لە کەسایەتییە ناودارەکانی کورد بەگشتیو کوردستانی باشوور بەتایبەتیی. ناوبراو لەپاش لەسێدارەدانی شێخ عەبدولسەلامی براگەورەی لەلایەن تورکە عوسمانییەکانەوە، پێگەی شێخایەتیی لەنێو بارزانییەکاندا گرتەئەستۆو بەدرێژایی تەمەنی سەلماندی کە شێخێکی رۆحانیی مەزنی بەرێزو ئاشتییخوازو مرۆڤدۆست بووەو پارێزەرو بەرگریکاری هەژارانو جووتیارانی ناوچەکە بووە بەدژی ستەمو جەوری ئاغا موڵکدارە خۆسەپێنو پارەپەرستەکان، ئەوانەی بەردەوام خەریکی هاندانی حکومەت بوون کە هێرش بکاتە سەر بارزانییەکانو خۆشیان بۆ تاڵانو داگیرکارییو رووتانەوەی جووتیاران دەبوونە کلکی سوپای عێراقو ئیستیعماری ئینگلیزو ئاگری براکوژییو دووبەرەکییان خۆشدەکرد. لەلایەکی ترەوە شێخ ئەحمەدی خودانی بارزان لەگەڵ ئەو هەموو خۆپارێزیو ئاشتییخوازییەی، ناچار بوو کاتێک حکومەتی ئەڵقە لەگوێی پاشایەتیی عێراقو ئینگلیزە نەوتدزەکانو ئاغا خۆفرۆشەکان جەردەئاسا هەڵیاندەکوتایە سەر ناوچەی بارزانو دەکەوتنە گوێلاکی هەژارانی ناوچەکە، قارەمانانەو بەپێی ئایەتی:"یا ایها الذین امنوا کتب علیکم القتال وهو کره لکم" رووبەرووی دوژمنانی داگیرکەر

دەبێتەوەو چەندەی بۆدەکرا سوپای عێراقی تەنگەتاودەکردو بەرەنگاریی دەکرد، ئەو بەرەنگارییەی بۆ ماوەیەکی زۆر ڕێگربوو لەبەردەم ئەوەی کە حکومەتی عێراق بتوانێت ناوچەیەکی گرنگی ستراتیژیی وەکو بارزان بخاتە ژێر چنگی خۆیەوەو دەسەڵاتە پۆلیسییەکەی خۆی لەناوچەکەدا بسەپێنێت، ئەوەیە وایکردووە کە لەمێژووی جووڵانەوە کوردییە بەرەنگارییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لە عێراقە داتاشراوەکەی دەستی ئیستیعماری بەریتانیی، لەپاش شێخ مەحموودی بەرزنجی، ناوی شێخ ئەحمەدی بارزان وەک ئەستێرەیەکی گەش بدرەوشێتەوە.

شایەنی باسە، شێخ ئەحمەدی خودانی بارزان، وێڕای سیفەتە مەزنە شەخسییەکانی کە مرۆڤێکی ڕۆحسووکو دڵپاکو هەژاردۆست بوو، دژی پارەپەرستییو تاڵانخوازیی خێڵەکییو پیلانگێڕانو خۆسەپێنییو ئاغاسیفەتیو ژن بەژنو بەزۆر بەشوودانو ژینگە شێوێنییو نایەکسانی نێوان ژنو پیاو بوو، ڕێزێکی بێپایانی لە کەمینە ئاینییەکانی ناوچەکە دەگرت، بەتایبەت کریستیانییەکانی ناوچەکە،بەجۆرێک ئەوەندە لێیان نزیکبوو کە دوژمنانی ئەو درۆ شاخدارەیان بۆ داتاشیببوو گوایە"بۆتە کریستیانیی"، هەروەها قارەمانێکی مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەو بەرگریکردن بوو لە زێدو خاکی بارزان ، جگە لەوەش هاوسۆزییەکی گەرمی لەگەڵ جووڵانەوەکانی ناوچەو بەشەکانی دیکەی کوردستان دژی داگیرکەرانی عەرەبو تورکو فارس پێشانداوە. چ لەگەڵ جووڵانەوەکەی شێخ مەحموودو چ لەگەڵ جووڵانەوەکەی شێخ سەعیدو دواتر خۆیبوون لە ئارارات پەیوەندیی هەبووەو یارمەتیی پێکردوون، جگە لەوەی کاتێک بارزانییەکان ناچار بوون لەژێر فشاری پەلامارەکانی هێزەکانی ئینگلیزو عێراقییەکان ڕوو لە ناوچەی ئازادی موکریان بکەن کە لەسەروبەندی دامەزراندنی دەسەڵاتێکی میللییدا بوو بەرێبەرایەتی قازیی محەمەد، شێخ ئەحمەد لەم ساتە ناسکەدا هەڵوێستێکی جوامێرانەی پێشاندا، لەلایەکەوە ئامادە نەبوو وەک شورەوییەکان خوازیار بوون بارزانییەکان بنێردرێتە سەر ئەو خێڵە کوردییانەی کە ئامادە نەبوون مل بۆ کۆمارەکە دانەوێنن تاکو خوێنی کورد بەدەستی کورد نەڕژێ، دواتریش ڕێگەی بە بارزانییەکاندا کە وەک هێزی نیزامی لە سایەی ئەفسەرە کوردە نیشتمانپەروەرەکانی هیوادا ڕاهێنان بکەنو بچنە بەرەی باشوور بۆ بەرسنگگرتن لە هێرشی سوپای ئێران بۆ سەر کۆمار لە جەبهەی سەقزو سەردەشت. ئەمەش هەستێکی ڕوونی هاوبەستەگیی نەتەوەیی ئەو شێخە بەڕێزەمان بۆ دەردەخات کە بەداخەوە دواتر ئەو هاوبەستەگییە لەقۆناغەکانی دواتردا بەهۆی هەڵەی هێندێک لە سەرکردەکانی کوردەوە شەبەقی گەورەی تێکەوت.

لەکاتێکدا ژیانی خودانی بارزان، بیروباوەڕو ئاکارو ڕەوشتو هەڵسوکەوتی جوامێرانەومرۆڤدۆستانەی، قارەمانییو گیانی بەرەنگارییو جووڵانەوەی بەرگرییکارانەی دژی داگیرکەران، هەڵوێستی هاوبەستەگیی لەگەڵ بەشو پارچەکانی دیکەی کوردستان، هەڵوێستی ئاغا خۆفرۆشەکانی ناوچەکە لەدژی، ئازارو ئەشکەنجەو ژیانی ناوزیندانی کە نزیکەی ١٢ ساڵی تێدا بەسەربرد، هەموو ئەمانە شایەنی ئەوەن کە چەندین کارو لێکۆڵینەوەی سەربەخۆی مێژوویی لەبارەی ئەم کەسایەتییەوە ئەنجامبدرێتو چەندین پەندو وانەی مێژوویی لێ هەڵهێنجرێت، بەڵام نەک هەر ئەوە نەکراوە، بەڵکو گومان لە بوونی ئاراستەیەک دەکرێت بۆ بەکەمگرتنو بگرە لەمێژوو دەرهاویشتنو تەنانەت لەبیربردنەوەی کەسایەتییەکی مەزنی وەک خودانی بارزان. نەک هەر ئەوە تەنانەت کارگەیشتووەتە ئەوەی کە لە نووسینی کتێبێکدا لەبارەی "تەریقەتی نەقشبەندیی"ەوە کە چەند ساڵێک لەمەوپێش لە هەولێر چاپکراوە، لە کاتێکدا باسی شێخایەتیی تەریقەتی نەقشبەندیی بارزانییەکان کراوە، بەئاشکرا شێخایەتیی لە خودان بسێنرێتەوەو لەریزی شێخەکانی بارزان دەربهاوێژرێت، کە ئەمە نەک هەر چەواشەکارییەکی مێژووییە، بەڵکو دەبێت حیسابی "جینۆسایدی مێژوویی" بۆ بکرێت. هەروەها پێویستە کاری جیدیی بۆ نووسینەوەی مێژووی ژیانو ئاکارو بیروباوەڕو هەڵوێستەکانی ئەم کەسایەتییە مێژووییە بەنرخە ڕاستگۆیانەو دوور لە چەواشەکاریی بکرێت.

خوێنەری ئازیز، ئەم بابەتەی خوارەوە گێڕانەوەیەکی کورتی هێندێک لە ڕووداوەکانی ژیانی شێخ ئەحمەدو جووڵانەوەی بارزانییەکانە لەسایەی ڕژێمی پاشایەتیی هاشمیی ئینگلیزپەروەردا، کە لە زمانی خۆیەوەیەو کاتی خۆی دوای ماوەیەکی کەمی لە هاتنەدەر لە زیندان پاش شۆرشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ لەگەڵ یەکێک لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە کە ڕۆژنامەی "ئازادی"، ژمارە ٧و٨ی ١٤و ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٥٩ یە ئەنجامیداوەو بڵاوکراوەتەوە، هەربۆیە لەبەر گرنگییو بایەخی مێژوویی کە گێڕانەوەکە ڕاستەوخۆ لەزمانی خودی خودانی بارزانەوەیە، بە بابەتێکی ناوازەی دەزانینو بەباشمان زانی دوای دەستکارییکردنی ڕێنووسەکەی لێرەدا جارێکی تر پێشکەشی خوێنەرانی ئازیزی بکەین، کە تێیدا هاتووە:

"لە هەفتەی رابردوودا شێخ ئەحمەدی بارزانو شێخ سلێمانی برازای بەسەردان هاتن بۆ کەرکوک بۆ زیارەتی قائید فیرقەی دوو "زەعیم روکن داود ئەلجەنابی" , بەم بۆنەیەوە ڕێکخراوە دیموکراتییەکان وەکو نەقابەکانی کرێکارانو مامۆستایانو لاوانی دیموکراتو نوێنەرانی (اتحاد الشعب)و (ئازادی)و (خەبات) بەپیرەوەچوونێکی باشیان کردن. نوێنەری ئازادی بەهەلی زانی چەند پرسیارێکیان لێبکات. جەنابی شێخ ئەحمەد وەڵامی دایەوە. پرسیارو

**شێخ ئەحمەدی خودانی بارزان، وێڕای سیفەتە مەزنە شەخسییەکانی کە مرۆڤێکی ڕۆحسووکو دڵپاکو هەژاردۆست بوو، دژی پارەپەرستییو تاڵانخوازیی خێڵەکییو پیلانگێڕانو خۆسەپێنییو ئاغاسیفەتیو ژن بەژنو بەزۆر بەشوودانو ژینگە شێوێنییو نایەکسانی نێوان ژنو پیاو بوو، ڕێزێکی بێپایانی لە کەمینە ئاینییەکانی ناوچەکە دەگرت، بەتایبەت کریستیانییەکانی ناوچەکە،بەجۆرێک ئەوەندە لێیان نزیکبوو کە دوژمنانی ئەو درۆ شاخدارەیان بۆ داتاشیببوو گوایە"بۆتە کریستیانیی"**

**ماوەی شەش مانگ بەهاوینو زستان ئێمە بە فڕۆکە بۆردومان دەکراین. لەم ماوەیەدا توانیمان ١٨ فڕۆکە بخەینەخوارەوە، بەلام تەنیا ٣ فڕۆکەو ٦ فڕۆکەوان دەست ئێمە کەوتن**

وەڵامەکان بەم جۆرە بوون:

پ: لەسەرەتاوە چۆن لەگەڵ حکومەتی پێشووی عێراقدا تێکچوون؟

و: بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بە پێویستی دەزانم کە لە یەکەم جووڵانەوەی بارزانەوە دەستپێبکەم کە لە ساڵی ١٩٣٠یەوە دەستپێدەکات. وەک دەزانین لەساڵی ١٩٣٠دا ئیجباریی وەرنەدەگیرا. بەڵام لەگەڵ حکومەتدا ڕێکەوتین کە ئیجباریی بگرێت، وە وتمان ئێمە بە هەموو شانازییەکەوە ئیجباریی دەدەین، وە بارزانییەکان هەموویان ئامادەن ببن بەسەرباز بەو مەرجەی حکومەت ئینگلیزەکان دەرکات لەناوچەکەمان. موتەسەریفی ئەو کاتەی موسڵ کە ناوی (عەبدولعەزیز موستەفا) بوو بەڵێنی دامێ کە ئەم پێشنیارەمان جێبەجێکات. هەر وایش بوو، ماوەیەکی بەسەردا تێنەپەڕی ئینگلیزەکان بە تەقەلای موتەسەریف لەوناوچەیە دوورخرانەوە، لەبەرئەوە بە پیلانی ئینگلیزەکان، عەبدولعەزیز بە درینی ٢٠٠٠ روپیە درایە قەڵەم، وە تەحسین عەسکەری کرا بە موتەسەریفو بەرقی سدقی برای بەکر سدقی کرا بە ئامیری مەوقیعی موسڵ، بەرقی لە حکومەتی گەیاند کە ئەتوانێت زۆر بەئاسانی من بگرێت. دیاربوو حکومەتیش ئەمەی زۆر پێخۆش بوو، هەر لەسەرئەوە کە داوامان کردبوو ئینگلیزەکان دووربخرێنەوە. نەشمان دەزانی کە حکومەتی عێراق بێ ئینگلیز ئاویش ناخواتەوە. هەروایش بوو، پاش چەند ڕۆژێک لە بەرەبەیانێکدا پۆلیسێک بە بێ چەک هات بۆ لامو نامەیەکی دایە دەستم لێی نووسرابوو "واطیعوا الله و اطیعوا الرسول و اولي الامر منكم!..وە لە خوارێ ئەوە نووسرابوو پێویستە خۆت تەسلیمی حکومەت بکەیت، ئەگینا ئۆباڵی هەرکەس بکوژرێت بەئەستۆی خۆتە.

لەهەمووی سەیرتر ئەو ئایەتە بوو، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئینگلیز لەهەموو کاتێکدا ئاین بەکاردەهێنێت بۆئەوەی سەر بەمیللەتان شۆڕبکات. هەر کە ئەونامەیەم خوێندەوە تێگەیشتم کە لەعێراقدا حکومەت نییە، تەنیا ئینگلیز نەبێت. لەوکاتەدا کە ئەو نامەیەم وەرگرت تەنیا ٤٧ کەسم لەگەڵدا بوو، بڕیارمدا بەهیچ جۆرێک خۆم تەسلیم نەکەم، و پیاوەکانم تێگەیاند کە خۆیان ئامادە بکەنو ئەگەر هێرشیان هێنایە سەرمان بەریان لێبگرن. هەرواش بوو، هەر لەو کاتەدا دە فڕۆکەش هاتنەسەرمان، دەستیانکرد بە بۆمبافڕێدان ڕەشاش تەقاندن بەسەرماندا. بەوجۆرە ٦کەس لەوانەی لەگەڵم بوون کوژرانو ٢١ بریندار کران. لەم کاتەدا ١٢ بارزانی تر لە پشتەوە هێرشیان بردەسەر عەسکەرەکان، کە ئێمەش وامان زانی، ٤ لە بارزانییەکانی لای من ڕووەو عەسکەرەکان ڕۆیشتنو دەستیانکرد بە تەقەکردن. بەمجۆرە ئەو عەسکەرانەی دەوریان دابووین یان کوژران یا بەدیل گیرانو چی چەکیان پێ بوو لێیان بەجێما. "بەرقی"یش رایکرد بۆ مەخفەری "بلە".

لەم ماوەیەدا قایمقامی "شیروان" کە خەڵکی سلێمانی بوو، ناردبووی بەدوای شێخ محەمەد سەدیقی برامدا بۆئەوەی بیگرێت، ئێمەش خەبەرمان بۆنارد کە خۆی تەسلیم نەکات، بەڵکو ئەگەر دەتوانێت ئەم ئەو بگرێت، بەمجۆرە شێخ محەمەد سەدیقی برام قایمقامی ناوبراوی گرت. هەر لەو ڕۆژانەشدا هێزێکمان بە سەرکردەیی"وەلی بەگ" رەوانەی مەخفەرەکەی "ئالکەی" کرد. بۆ چەند ڕۆژێکی تر ١٢ فڕۆکەی ئینگلیز بۆردومانی کردین، ئێمەش خۆمان تەواو قایمکرد، بڕیارماندا بەهەموو جۆرێک بەرگریی بکەین، وەدەستمانکرد بە تەقەکردن لە فڕۆکەکان، فڕۆکەوانێکی ئینگلیز بریندارکرا، خۆی بە پەرەشووت فڕێدایەخوارەوە. بەمجۆرە ماوەی شەش مانگ بەهاوینو زستان ئێمە بە فڕۆکە بۆردومان دەکراین. لەم ماوەیەدا توانیمان ١٨ فڕۆکە بخەینەخوارەوە، بەلام تەنیا ٣ فڕۆکەو ٦ فڕۆکەوان دەست ئێمە کەوتن، لەم فڕۆکەوانانە دووانیان ئینگلیزبوون کە ناویان "ولیتس"و " ئەڤانیس" بوو، گرتنی ئەمانەم بە هەلزانی تا دیلەکانی خۆمانم دەستکەوێتەوە، بۆیە خەبەرم نارد بۆ باڵیۆزی بەریتانیا بیان گۆڕینەوە. ماوەی ٧-٨ مانگ بەمجۆرە بووین. فڕۆکەی ئینگلیز تەنانەت مەڕوماڵاتیشیان بۆردومان کردین، بۆیە ناچاربووین رابکەین بۆ تورکیا. هێشتا مستەفا کەمال مابوو. خۆم چووم بۆ ئەنکەرە لەگەڵ دوو کەس کە ناویان "حاجی تەهای ئامێدی"و "عەلی محۆ" بوو، یازدە مانگ لە ئەنقەرەو ئاسکی شەهر ماینەوە، خێزانەکانمان لە ئەرزڕۆمو سیواس مانەوە، مەلا مستەفاو شێخ محەمەد سەدیقو شێخ ئیسماعیلیشیان لەگەڵدا بوو. پاش ماوەیەک نامەیەکم لە شێخ ئیسماعیلەوە بۆهات لە بەغداوە. زۆر سەرم سوڕما کە چۆن گەیشتۆتە بەغدا، لەپاشدا تێگەیشتم کە تورکیا هەموو بارزانییەکانی تەسلیم کردبووەوەو شێخ ئیسماعیلیشیان لەگەڵدا بوو، پاش یازدە مانگ "عەفو" کراینو گەڕاینەوە عێراق.

کە گەڕاینەوە عێراق چووم بۆ موسڵ، ئەوکاتە موتەسەریفی موسڵ "خەلیل عەزمی" بوو، داوای لێکردم بڕۆمە بەغدا، وەزارەتیش ئەوکاتە وەزارەتی "رەشید عالی"و "حیکمەت سلێمان"یش وەزیری ناوخۆبوو. فەیسەڵی یەکەمیش لەوکاتەدا لە سویسرە بوو. چواردە ڕۆژ مامەوە تاکو فەیسەلا گەڕایەوە. لەگەڵ گەڕانەوەیدا وتی مانگونیوێک لە موسڵ دابنیشە، پاش ئەوە ئەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ شوێنی خۆت. منیش چوومە موسڵو دوو مانگ لە موسڵ دانیشتم. لەم کاتەدا فەیسەڵ مرد، پاش مردنی فەیسەڵ چوومەلای موتەسەریف کە دەنگوباسی بارزانییەکان بپرسم. بەڕێکەوت "ناجی ئەلهورمزی" کە قایمقامی زێباربوو لای دانیشتبوو. کە ئەحواڵی بارزانییەکانم پرسی، وتی وەزعیان هیچ باش نییە لەگەڵ حکومەتدا، منیش داوای روخسەتم لە خەلیل عەزمی کرد کە ڕێگەم بدا بۆماوەیەک بڕۆمەوە، بەڵام ڕێگای نەدام، لەپاشدا، وەزیری ناوخۆ ڕێگەیدام بۆ ماوەی ٢٠ ڕۆژ بچمەوە، منیش چوومەوە ئەحواڵی بارزانییەکان تێگەیشتمو گەڕامەوە موسڵ. زۆری پێنەچوو خەلیل عەزمی گۆڕاو "تەحسین عەسکەری" هاتە جێگای، زۆری پێنەچوو ئەویش ڕۆیشتو "عومەر نەزمی" بوو بە موتەسەریف. لەگەڵ هاتنیدا داوای لێکردم کە دەبێت مەلامستەفاو شێخ محەمەد سەدیقو خێزانەکانیان بێنە موسڵ دابنیشن، منیش پێموت کە خۆم لێرەمو پێویست ناکات ئەوان بێن، بەڵام هەرچەند لەگەڵی خەریک بووم سوودی نەبەخشی، ئەوانیش هاتن، پاش هاتنی ئەوان قایمقامی زێبار ناجی هورمزی بەناوی منەوە ئەینارد بەدوای ئەو بارزانیانەدا کە دەستیان دەڕۆیشتو دەیناردن بۆ موسڵ، بەم چەشنە هەموویانی لە موسڵ کۆکردەوە. دەبوو لەسەر پارەی

خۆیشمان بژیاینایە، هەتاوەکو پارەی ئۆتۆمبیلیشیان لەخۆمان دەسەند. بەم چەشنە ماوەیەک لە موسڵ ماینەوە، دوای ئەوە بەنیوەشەوێک هەموومانیان نارد بۆ ناسرییە. ماوەی ساڵێک لە ناسرییە ماینەوە، پاشان هێنایانینەوە بۆ بەغدا، نزیکەی شەش مانگیش لە بەغدا ماینەوە، دیسان نێردراینەوە بۆ ناسرییەو ساڵێکی تریش لەوێ ماینەوە، ئێمە کە ئەم هەموو هاتوچۆیەیان پێ ئەکردین ٤٠ کەس بووین، بۆئەم چل کەسە مانگی ٤٤ دیناریان دەداینێ، لە ناسرییەشەوە ناردینیان بۆ ئاغجەلەر، لەوێشەوە بۆ کفری، لە کفریشەوە بۆ سلێمانی، ئینجا بۆ ئاڵتون کفری، لەوێوە بۆ جاری دووەم بۆ سلێمانی. لەو کاتەدا کە لە سلێمانی بووین مەلامستەفا رایکرد بۆ ئێران، ئێمەشیان رەوانەی حیللە کرد.

کە مەلامستەفا گەیشتە ئێران هەرچۆنێک بوو چەند کەسێکی بارزانی کۆکردەوەو هاتەسەر عێراق، وە لە ساڵی ١٩٤٣دا دەستیکرد بە شەڕکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق، توانی حکومەت ناچاربکات کە بمانگەڕێنێتەوە بۆ بارزان. ساڵێکو چەند مانگێک لە بارزان ماینەوە، لەم کاتەدا "سەعید قەزاز" موتەسەریفی هەولێر بوو، هەموو مەئمور مەرکەزەکانو قایمقامی زێباری راسپارد کە هەر بارزانییەک هات ئەتوانن بیکوژن. بۆیە رۆژێک ئەسعەد خۆشەوی ویستبووی بچێتە قشڵەی "بلە" بۆ هەندێک ئیشو کاری خۆی، بەڵام وەکیلی معاون کە ناوی حسێن بوو نەیهێشتبوو بچێتە ژوورەوە. لە مێرگەسوریش "وەلی بەگ" پاش ئەوەی ئەچێتە قشڵە بۆ جێبەجێکردنی هەندێ کاروباری خۆی وە سی پیاوی چەکداریشی لەگەڵدا دەبێت. پاش هێندێک قسەکردن لەگەڵ مەئموری مەرکەزەکە تەقەیەکی لێدەکەنو دەیکوژن. پیاوەکانیش ناکەنە نامەردیی، دەستەکەن بەشەڕ، مەئمور مەرکەزو چاوەشو چەند پۆلیسێک دەکوژن. بەمجۆرە قشڵەکە تەسلیم بوو.

لەو بزوتنەوەیەدا کە لەساڵی ١٩٤٥دا روویدا، حکومەت عەشایرەکانی لێ هانداین وەک عەشیرەتی زێبار، رشک کە سەرکردەکانیان مەحمودو محەمەد زێبارین. هەروەها عەشیرەتی رێکانی کە محەمەد ئەمین کەلحی یە. تەنانەت لەم پیلانەش کە شەواف نایەوە لەگەڵی بوون. هەروەها چەند عەشیرەتی تریش. پاش ئەو شەڕە بە دوومانگ چووین بۆ ئێران. لەوکاتەدا سوپای سوور لەسەرەوەی ئێران هەبوو.

پ: بیروباوەڕتان دەربارەی یەکێتی سۆڤێت چۆنە؟

و: ناتوانم بە زمان باسی چاکەی یەکێتی سۆڤێت بۆ بارزانییە راکردووەکان بگێرمەوە. هەرئەوەندە ئەڵێم ئەوەی یەکێتی سۆڤێت بۆ ئێمەی کرد باوک بۆ کوڕی خۆی ناکات. بەڕاستیی یەکێتی سۆڤێت قەلایەکی سەختە ئاشتیی دەپارێزێت.

پاش ئەوەی یەکێتی سۆڤێت کشایەوە، حکومەتی ئێرانو عەشایرەکانی ئێران هێرشیان کردەسەرمان، نزیکەی دوومانگ چواردەورمان گیرا، ئێمەش شەڕمان دەکرد، گەلێک سەربازیان لێکوژراو بەدیل گیرا. لەم ماوەیەدا برسێتیی وای لێکردین کە زۆرمان گیامان دەخوارد، بۆیە ناچاربووین گەڕاینەوە سەر سنووری عێراق. "سەید عەلی حیجازی" کە مودیری پۆلیس بوو پەیوەندیی پێوەکردین کە خۆمان بدەین بە دەستی عێراقەوەو سوێندی بۆ خواردین بەشەرەفی وەسیو حکومەت کە هیچمان لێناکەنو بە ئاسودەیی لە وڵاتی خۆماندا دەژین، ئێمەش لەسەر ئەم پەیمانە هاتینەوە بەڵام یەکسەر ناردیانین بۆ بەغدا، وە لە بەغداوە رەوانەی بەسرە کراین، لە بەسرە یەکسەر خستینیانە بەندیخانەوە. لە بەندیخانە ١١ ساڵو ٤ مانگ ماینەوە، ٢ساڵو نۆ مانگ لە ژووری ئیعدامدا بووین. خراپترین مامەڵەیان لەگەڵ دەکردین لە بەندیخانەدا کە ناتوانم باسی بگێڕمەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە خێزانەکانمان نێردرابوون بۆ کەربەلا، سوخرەشیان بە ئافرەتەکانمان دەکرد، بۆیە کچێک لەتاو ئەو ئیشە سەختانە کە پێیان دەکردن خۆی خنکاند.

وەک ئاگادارم وابزانم لە بارزانیش گەچیان تێکەڵی ئارد ئەکردو دەرخواردی بارزانییەکانیان دەدا. ئەم کارە ناڕەوایەش کە لە بارزان لەگەڵ خێزانەکانماندا دەکرا بە دەستی "جەمال عومەر نەزمیو هادی چاویشلی" بەسەرکردەیی سەعید قەزاز بوو. لەم ماوەیەدا گەلێک لە ئافرەتو منداڵی بارزانییەکان مردن بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە کە لەگەچ دەرخواردنەوە تووشیان هاتبوو. بەم چەشنە ماینەوە، کام ناخۆشیی هەبوو دیمان، تا رۆژێک بەیانی دووشەممو بوو لە بەندیخانە کوڕێکی خەڵکی کەرکوک کە ناوی عومەر بەکر بوو، هاتە لام، وتی : یاشێخ! ئەوا شۆڕش هەڵگیرسا... تەختو تاراجی پاشایەتیی تێکدا.

زۆر سەرسام بووم، لەبەر خۆمەوە وتم: ئەم رۆژە لە کوێوە هەڵهات؟ هەر ئەو رۆژە وەزعمان لە بەندیخانە گۆڕا، بەم بۆنەیەوە.. بە بۆنەی ئەم شۆرشە پیرۆزەوە، دووشەمموی داهاتوو هەموومانیان لە بەندیخانە هێنایە دەرەوە.

بەڕاستیی لەلایەن برا عەرەبەکانمانەوە لە بەغدا پێشوازییەکی گەرمان لێکرا. هەروەها لەلایەن رۆڵەکانی کەرکوکو هەولێرو گەلێک شوێنی ترەوە بەپیرەوەهاتنێکی باشیان بۆ کردین. ئێستاش کە بە ئاسوودەیی دەژین، خۆمان بە سەربازێکی ئەم جومهورییەتە دەزانین.

پ: ئەوەتەی هاتوونەتە دەرەوە، حکومەت چی بۆ کردوون؟

و: لەباتی گوللەو بۆمببارانی نوری سەعید، دەستو پێوەندەکانی حکومەتی خۆمان ئاویان بۆ هێناوین، خانوویان بۆ کردووین، کارەبامان بۆ دێنن، نزیکەی ٧٠٠٠ دۆنم زەویمان هەیە، حکومەت یارمەتی داوین بیکێڵیین.

پ: قوتابخانەتان پێ خۆشە کەلای ئێوە بکرێتەوە؟

و: گەلێکم پێ خۆشەو هانی دەدەم هەموو کەس کە بچێتە قوتابخانەو منداڵەکانی بنێرێت.

پ: بە بیرەوەرییتان بارزان چەند جار سووتاوە.

و: بە بیرەوەریی من هەشت جار سووتێنراوە.

پ: بیروباوەڕتان بەرامبەر ئاشتییو ئاشتییخوازان چۆنە؟

و: لام وایە هیچ کارێک لەوە باشتر نییە کە مرۆڤ تەقەلای ئەوە بدات ئاشتیی بپارێزێت،و هیچ لە ئاشتیی خۆشتر نیە. من لەو بڕەوایەدام یەکێتی سۆڤێت قەڵایەکی سەختە ئاشتیی دەپارێزێت. وە بەم بۆنەیەشەوە دەڵێم ئەو چاکەیەی کە یەکێتی سۆڤێت دەربارەی بارزانی کرد ئەگەر لەبیرمان بچێتەوە خۆمان بە مرۆڤ نازانین.

**حکومەت عەشایرەکانی لێ هانداین وەک عەشیرەتی زێبار، رشک کە سەرکردەکانیان مەحمودو محەمەد زێبارین. هەروەها عەشیرەتی رێکانی کە محەمەد ئەمین کەلحی یە. تەنانەت لەم پیلانەش کە شەواف نایەوە لەگەڵی بوون. هەروەها چەند عەشیرەتی تریش**